# أثر الذكاء الاصطناعي على الأدب الكردي وقصيدة (نوروز) ل پيرەمێرد مثالاً.

ديمين محمد صالح

Shwan6415@gmail.com.com

وزارة التربية / مديرية تربية ڕۆژئاوا

**الكلمات المفتاحية:** الذكاء الاصطناعي , الأدب الكردي , قصيدة , نوروز , پيرەمێرد

**كيفية اقتباس البحث**

صالح , ديمين محمد , أثر الذكاء الاصطناعي على الأدب الكردي وقصيدة (نوروز) ل پيرەمێرد مثالاً. ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

# The impact of artificial intelligence on Kurdish literature and the poetry of Piramird (Newroz) as an example.

Dimen Mohammed Salih
Shwan6415@gmail.com.com
Ministry of Education / Western Education Directorate

**Keywords** : Artificial intelligence, Kurdish literature, poem, Nowruz, Piremerd

**How To Cite This Article**
Salih , Dimen Mohammed , The impact of artificial intelligence on Kurdish literature and the poetry of Piramird (Newroz) as an example. ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
In the 21st century, rapid advances in technology and science, especially in artificial intelligence, have fundamentally changed the way people live and the ways of production and communication. These developments have not only remained in the fields of industry and science, but have also reached the fields of art and literature, which have a significant impact on the creation, publication and reception of literary texts. Literature as one of the most important fields of expression of feelings, thoughts and cultural identity. It has always kept pace with social and technological changesThis research scientifically discusses the role and impact of artificial intelligence on Kurdish literature in particular publishing and understanding literary texts This research attempts to explain why this technology has killed the soul of literary texts, as well as the importance of artificial intelligence in preservation and representation what presents the heritage of Kurdish literature, especially in terms of digitizing and archiving old texts and facilitating access to them, is also discussed as having an unprecedented impact on literary criticism and text analysis which would help readers and researchers A deeper understanding of the

meaning and content of the text can create new opportunities for the development of Kurdish literature, but at the same time it must be used carefully and responsibly one for future research in area. We have used the descriptive analytical method to explain the subjects in a scientific manner.

Research Question: What are the scope and principles of artificial intelligence? What is the impact of this technology on literature? What is its impact on Kurdish literature? The core of the study answers these questions.

Therefore, we believe that this study will fill a gap in the Kurdish library and will be a resource for the reader to become familiar with this subject.

In this study, we want to present the extent to which artificial intelligence has an impact on literature, especially Kurdish literature.

المخلص:

في القرن الحادي والعشرين، أحدثت التطورات السريعة في التكنولوجيا والعلوم، ولا سيما في مجال الذكاء الاصطناعي، تغييرًا جذريًا في نمط حياة الناس وأساليب الإنتاج والتواصل. ولم تقتصر هذه التطورات على مجالات الصناعة والعلوم فحسب، بل امتدت لتشمل مجالات الفن والأدب، مما كان له أثر بالغ على إبداع النصوص الأدبية ونشرها واستقبالها. فالأدب، بوصفه أحد أهم مجالات التعبير عن المشاعر والأفكار والهوية الثقافية، لطالما واكب التغيرات الاجتماعية والتكنولوجية. يتناول هذا البحث علميا و عميقا دور الذكاء الاصطناعي وتاثيره على الادب الكردي في عصر التطور التكنلوجي والرقمنة، مبرزا الذكاء الاصطناعي كاداة جديدة قادرة على تغيير اساليب الابداع والنشر وفهم النصوص الادبية الموجودة. ويسعى الدراسة الى تفسير كيف اثرت التكنلوجيا سلبا على روح النصوص الانسانية. فضلا عن اهمية الذكاء الاصطناعي في حفظ هذا التراث واعادة انتاجه.كما يسلط الضوء على تراث الادب الكردي، لا سيما فيما يتعلق برقمنة النصوص القديمة وارشفتها وتسير الوصول اليها. ان الفهم الاعميق لمعنى النص ومحتواه يمكن ان يتيح فرصا جديدة لتطوير الادب الكردي ولكن في الوقت نفسه، يجب استخدامه بحذر ومسؤولية في البحوث المستقبلية في هذا المجال. استخدمنا المنهج الوصفي التحليلي لشرح الموضوعات بطريقة علمية. سؤال البحث: ما هو نطاق ومبادئ الذكاء الاصطناعي؟ ما هو أثر هذه التقنية على الأدب؟ وما هو أثرها على الأدب الكردي؟ يجيب جوهر هذه الدراسة على هذه الأسئلة. لذا، نعتقد أن هذه الدراسة ستسد ثغرة في المكتبة الكردية، وستكون مرجعًا للقارئ للتعرف على هذا الموضوع. نسعى في هذه الدراسة إلى توضيح مدى تأثير الذكاء الاصطناعي على الأدب، ولا سيما الأدب الكردي.

# كاریگەری زیرەکی دەستکرد لەسەر ئەدەبی کوردی و شیعری( نەورۆز)ی پیرەمێرد وەك نمونە.

دیمەن محمد سالح
Shwan6415@gmail.com
وەزارەتی پەروەردە / بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا

پوختە:
ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی زانستی و قوڵ باس لە ڕۆڵ و کاریگەری زیرەکی دەستکرد لە سەر ئەدەبی کوردی دەکات. لەسەردەمی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا و دیجیتاڵبووندا، زیرەکی دەستکرد وەك ئامرازێکی نوێ سەرهەڵدەدات، کە توانای گۆڕینی شێوازی دروستکردن و بڵاوکردنەوە و تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبی هەیە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ڕوونی بکاتەوە ،کە چۆن ئەم تەکنەلۆژیایە بوەتە هۆکاری کوشتنی ڕوحی دەقی ئەدەبی، هەروەها لەم توێژینەوەیەدا گرنگی زیرەکی دەستکرد لە پاراستن و نوێکردنەوەی میراتی ئەدەبیاتی کوردی دەخاتەڕوو، بەتایبەتی لە ڕێگەی دیجیتاڵکردن و ئارشیفکردنی دەقە کۆنەکان و ئاسانکردنی دەستگەیشتن پێیان. لەهەمان کاتدا کاریگەری ئەم ئامرازە لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی و شیکردنەوەی دەقەکانیش باسدەکرێن، کە چۆن یارمەتی خوێنەران و توێژەران بدات بۆ تێگەیشتنی قوڵتر لە ماناو ناوەرۆکی دەقەکان و دەتوانێت هەلی نوێ بۆ گەشەپێدانی ئەدەبی کوردی دروستبکات، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە بەوردبینی و بەرپرسیارێتی بەکاربهێنرێت. لەکۆتایدا ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتنی قوڵتر لە پەیوەندی ئەدەب و تەکنەلۆژیا و دروستکردنی بنچینەیەك بۆ توێژنەوەی داهاتوو لەم بوارەدا.

کلیلە وشەکان: زیرەکی دەستکرد، ئەدەب، تەکنەلۆژیا، دەقی ئەدەبی.

## پێشەکی:

لە سەدەی بیست و یەکدا، پێشکەوتنە خێراکان لە بوارەکانی تەکنەلۆژیاو زانست، بەتایبەت لە بواری زیرەکی دەستکرد، گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لە شێوازی ژیانی مرۆڤ و ڕێگاکانی بەرهەمهێنان وپەیوەندی کردنی دروستکردووە. ئەم پێشکەوتنانە تەنها لە بواری پیشەسازی و زانستی نەماونەتەوە، بەڵکو گەیشتونەتە ناو بواری هونەرو ئەدەب، کە بەشێوەیەکی دیاریکراو کاریگەرییان لەسەر دروستکردن و بڵاوکردنەوەو وەرگرتنی دەقە ئەدەبیەکان هەیە. ئەدەب وەك یەکێك لە گرنگترین بوارەکانی دەربڕینی هەست و بیرو ناسنامەی کلتوری. هەمیشە لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆجیاکاندا هاوڕێ بووە، لەم چوارچێوەیەدا دەرکەوتنی زیرەکی دەستکرد و بەتایبەت ئەو سیستەمە زیرەکانەی توانای دروستکردنی دەق وەك: (شیعر، چیرۆك، ڕۆمان)یان هەیە، پرسیارگەلێکی گرنگی لەسەر سروشتی داهێنان، ڕەسەنایەتی و ڕۆڵی نوسەر لەسەردەمی دجیتاڵدا دەوروژێنێت. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە بە شێوەیەکی زانستی و ڕەخنەیی ئەم بابەتانە بخەینەڕوو: لە تەوەری یەکەمدا باسی پێناسەو مێژوی ئەم تەکنەلۆژیایەمان کردووە، هەروەها لەتەوەری دووەمدا باسی بنەماو ئەو بوارانەی زیرەکی دەستکردی تیادا بەکاردێت، کردووە. لە تەوەری سێیەمیشدا باسی ئەدەبی کوردی لە سایەی زیرەکی دەستکرد دەکەین و بە بەراوردێکی ورد لە نێوان بەرهەمی ئەو تەکنەلۆژیایەو بەرهەمی مرۆڤ و کاریگەرییەکەی لەسەر ئەدەبی کوردی دەخەینەڕوو.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** کاریگەری زیرەکی دەستکرد لەسەر ئەدەبی کوردی و شیعری( نەورۆز) ی پیرەمێرد وەك نمونە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** میتۆدی وەسفی شیکاریمان بۆ بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی ورد بابەتەکان ڕوونبکەینەوە.

**پرسیاری توێژینەوەکە:**بوارو بنەماکانی زیرەکی دەستکرد چین؟ کاریگەری ئەم تەکنەلۆژیایە لەسەر بواری ئەدەب چییە؟ ئەی کاریگەرییەکەی لەسەر ئەدەبی کوردی چییە؟ ناواخنی توێژینەوەکەش وەڵامی ئەم پرسیارانەی داوەتەوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** توێژینەوەی پەیوەست بەم بابەتە سنوردارو کەمە، بۆیە پێمان وایە ئەم توێژینەوەیە کەلینێك لە کتێبخانەی کوردی پڕدەکاتەوە، هەروەها دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ خوێنەر بۆ ئاشنابوونی بەم بابەتە.

**هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** دەمانەوێت لەم توێژینەوەیەدا ئەوە بخەینەڕوو، کە زیرەکی دەستکرد تا چ ڕادەیەك کاریگەری لەسەر ئەدەب هەیە بەتایبەت ئەدەبی کوردی.

## تەوەری یەکەم: چەمك و پێناسەو مێژوی سەرهەڵدانی زیرەکی دەستکرد:

### *چەمك و پێناسەی زیرەکی دەستکرد:

بۆ ئەم زانستەی سەردەم لە زمانی کوردیدا (زیرەکی دەستکرد) یاخود ( ژیری دەستکرد) بەکاردێت و لە زمانی عەرەبیدا (ذکاء الاصتناعی) و لە زمانی ئینگلیزیشدا وشەی ( Artificial Intelligence)یان بۆ بەکارهێناوە . لە هەموو زمانەکاندا وشەکە لێکدراوە، واتە لە دوو وشەی سەربەخۆپێکدێت. لە زمانی کوردیدا وشەی (زیرەك یاخود ژیر) هاوەڵناون و بۆ وەسفی ئامێرەکە بەکارهاتووە لە فەرهەنگی خاڵدا بە واتای (تێگەیشتن و وریایی) دێت ( خاڵ، ٢٠٠٥، ٢٥٠) و وشەی (دەستکرد) کارەو بە واتای ئەوەی مرۆڤ دەستی هەیە لە دروستکردنی و سروشتی نییە. لە زمانی عەرەبیشدا بەهەمان شێوە "لە دوو وشە پێکهاتوە زیرەکی و دەستکرد، زیرەکی (الذکاء) لە ڕەگی (ذکاء) وەرگیراوە بەپێی کۆنتێکستەکە چەند مانایەکی هەیە، دەتوانێت ئاماژە بێت بۆ بڵێسەی ئاگر یان ئاگرێکی سوتاو، هەروەها توانای شیکردنەوە، کۆکردنەوە، جیاکردنەوە، هەڵبژاردن و گونجاندن لەگەڵ دۆخە جیاوازەکاندا دەگەیەنێت"(دعاك، ٢٠٢٣، ١٠) واتە زاراوەکە ئاماژەیە بۆ شتی دروستکراو یان ناسروشتی، کە مرۆڤ دەستی هەبێت لە دروستکردنیان

### *پێناسەی زیرەکی دەستکرد

ئەم بابەتە لە دیدگای جۆر بەجۆرەوە پێناسەی زۆری بۆ کراوە لەوانە پێناسەکەی ماکارتی ،کە "دەڵێت زیرەکی دەستکرد( Artificial Intelligence ) ئەو سیستەمە تەکنەلۆجیایەیە، کە دەتوانن کارێکی هاوشێوەی زیرەکی مرۆڤ ئەنجام بدەن، وەك فێربوون، تێگەیشتن لە زمان و دروستکردنی دەق" (McCarthy,2007,2)

"زیرەکی توانایەکە بۆ گونجاندن، فێربوون، گۆڕینی هەڵسەنگاندن بە پێی ژینگە" ( Russel ,Norvig,2013,8)هەروەها نوسەرێك پێی وایە بریتیە لە "پرۆسەی دروستکردنی ئامێرێك، کە توانای کارکردنی هەبێت بە شێوەیەك، کە لەلایەن مرۆڤەوە وەك زیرەك هەستی پێبکرێت، ئەمەش ڕەنگە دووبارە بوونەوەی ڕەفتاری مرۆڤ بێت یان ئەنجامدانی ئەرکی سادەتر، وەك مانەوە لە ژینگەیەکی گۆڕاودا بەشێوەیەکی داینامیکی"(وەرتی، ٢٠٢٤، ٤٣) هەروەها لە پێناسەیەکی تردا وتراوە" زیرەکی دەستکرد ئامانجی تێگەیشتنە لە سروشتی زیرەکی مرۆڤ لە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

ڕێگەی دروستکردنی بەرنامەی کۆمپیوتەر،کە توانای لاساییکردنەوەی ڕەفتاری زیرەکی مرۆڤی هەیە"(بونیه،١٩٧٨، ١١)
یاخود دەڵێن"سیستەمی AI ئەو سیستمەیە، کە بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی شیکردنەوەو تێگەیشتنی کارلێیکەرانە، کە بەردەوام دەستی خوێنەر دەگرێت بۆ ئەوەی زانیاری زیاتری پێببەخشێت"(السفياني، ٢٠٢٤، ٥) جگە لەم پێناسانە نوسەرێکی تر پێیوایە"زیرەکی دەستکرد خاوەن توانایەکی بەرچاوە بۆ بڕیاردان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ،AI بە دیاردەی سەردەم دادەنرێت، کە هاوکارێکی باشی مرۆڤە، دەتوانرێت بە هاوڕێی باش ناوزەند بکرێت."(خزيميه، ٢٠٢٣، ٧)
توێژەرێکی تر لە بارەی پێناسەی زیرەکی دەستکرد دەڵێت" هەوڵێکە بۆ بەرجەستەکردنی زیرەکی مرۆڤ لە ڕێگەی ئامێرو بەرنامەی ڕێکخراو بۆ لاساییکردنەوەی تواناکانی مرۆڤ تەنانەت ڕەنگە لێشیان تێپەڕێت."(هتهت، ٢٠٢٠، ١٤) یاخود زیرەکی دەستکرد  ئاماژەیە بۆ توانای ئامێرێك، یان سیستەمێکی کۆمپیوتەر بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی، کە بەشێوەیەکی گشتی پێویستیان بە زیرەکی مرۆڤ هەیە وەك ناسینەوەی نەخشەکان، فێربوون لە داتاکان، بڕیاردان و تێگەیشتن لە زمان.
کەواتە لەم پێناسانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کەوا زیرەکی دەستکرد یارمەتیدەرێکی باشی مرۆڤە، کە وەك مرۆڤ بیردەکاتەوە و بڕیادەدات و کێشەکان شیدەکاتەوەو باشترین چارەسەر هەڵدەبژێرێت.

***مێژووی سەرهەڵدانی زیرەکی دەستکرد:**

هەرچەندە زەحمەتە سەرەتای سەرهەڵدانی زیرەکی دەستکرد دەستنیشان بکرێت، چونکە توێژینەوەکان هەریەکە و ساڵێك بە سەرەتای دروستبوونی دادەنێن، هەندێك دەڵێن ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی١٩٤٠ بەتایبەت ساڵی "١٩٤٢ کاتێك نوسەری خەیاڵی زانستی ئەمریکی ئیسحاق ئاسیمۆف کورتە چیرۆکێکی بڵاوکردەوە، کە پلانی چیرۆکەکەی دەربارەی ڕۆبۆتێکە'، ئەم چیرۆکە بوو بە ئیلهامبەخشێ بۆ زاناکان" (واحد، عمر، ٢٠٢٥، ٧٥٧) ، بەڵام هەندێکی تر سەرەتاکەی دەگەڕێننەوە بۆ ساڵانی پەنجاکان هەروەك ئەم توێژەرە دەڵێت "زاراوەی زیرەکی دەستکرد لە دەستپێکدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك زانای ئەمریکی، لەسەرو هەمووشیانەوە (جۆن مەکارتی) لە کۆنفرانسێکدا، کە لە کۆلێژی (دارتمۆس) لە هانۆڤەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەساڵی١٩٥٦بەڕێوەچوو ئامانجی کۆنفرانسەکە لێکۆڵینەوە بوو لە ئەگەری کارکردنی ئەو ئامێرانەی لاسایی مێشکی مرۆڤ دەکەنەوە لە دروستکردنی بیرۆکەی ئەبستراکت و چارەسەری کێشە و پەرەپێدانی تواناکانی خۆیان"(اعقيلان، ٢٠٢٤، ١٧٠)

**تەوەری دووەم:  تایبەتمەندی و بوارەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد:**

***تایبەتمەندییەکانی زیرەکی دەستکرد:**

زیرەکی دەستکرد تایبەتمەندی گرنگی هەیە وەك فێربوون،بیرکردنەوە،بڕیاردان، ناسینەوە و چارەسەرکردنی کێشە. بەم هۆیەوە لە زۆر بواردا بەکاردێت وەك پزیشکی و پەروەردە و پیشەسازی و ئەدەبیش بەکاردێت.

١- تێگەیشتن لە زمان،  دەتوانێت لە زمانەکانی مرۆڤ تێبگات و وەڵامی ئەو پرسیارانەی ئاڕاستەی دەکرێت  بداتەوە.

٢-فێربوون، ژیری دەستکرد دەتوانێت لە داتاو زانیاری فێربێت. واتە بەردەوام خۆی باشتر دەکات وەك ئەو سیستمانەی، کە دەتوانن دەنگ یان وێنە بناسن.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

٣-بەردەوام زانیاری نوێ دەکاتەوە بەتایبەت لە بواری تەکنەلۆژیا و پزیشکیدا.
٤-چارەسەرکردنی کێشە، دەتوانێت ئەوکێشەیەی ئاراستەی دەکرێت شرۆڤەی بکات و باشترین چارەسەر بدۆزێتەوە.
٥- لە پرۆسەی پەروەردە و فێربووندا، دەتوانێت بەردەوام پرۆگرامی داهێنەرانە پێشکەش بکات، کە پێشتر بوونیان نەبووە، بۆ هەمەجۆرکردنی بژاردەی پەروەردەیی بۆ مامۆستا.(السفياني، ٢٠٢٤، ٣)
٧-زیرەکی دەستکرد خاوەن توانایەکی بەرچاوە بۆ بیرکردنەوەی زیرەکانە، ئەمەش وایلێدەکات بەشێوەیەکی سەربەخۆ بڕیاربدات.(الخزيميه، ٢٠٢٣، ٨)
٨- توانای پڕۆسێسکردنی ئەو بڕە زۆرەی زانیاری هەیە، کە بەرکەوتەی لەگەڵیدا دەبێت.(واحد، عمر،٢٠٢٥، ٧٥٩)

***بوارەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد:**

بوارەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد زۆر و فراوانن ،چونکە ئەم تەکنەلۆژیایە دەتوانێت لەزۆر بواردا یارمەتی مرۆڤ بدات. لەوانەش:
*بواری تەندروستی: بۆ ناسینەوەی نەخۆشەکان و شرۆڤەکردنی وێنەی پزیشکی(X-ray) توێژەرێك دەڵێت''بواری پزیشکی بەیارمەتی زیرەکی دەستکرد بەردەوام لە زیاد بووندایە، لە ئێستادا زیات لە ٩٠% دامەزراوە پزیشکییەکانی جیهان دەستیانکردووە بە پلاندانان بۆ ستراتیژییەکانی زیرەکی دەستکرد، پێشبینی دەکرێت، لە ساڵی ٢٠٢٥، کۆی بەهای AI لە بازاڕی جیهانی بەکارهێناندا بگاتە ١٢٧ ملیار دۆلار و پێشبینی دەکرێت پیشەسازی پزیشکی لە ٢٠% بازاڕی AI پێکبهێنێت'' (Gou,Liu,Xiao,Wu,2024,5)
*بواری پەروەردەو فێربوون: ئاسانکارییەکی زۆر بۆ فێرخواز دەکات، لە وەرگێڕان و ڕوونکردنەوەی وانەکان و دروستکردنی بەرنامەی فیربوونی زیرەکانە، کە ئەمەش پرۆسەی فیربوونیان ئاسانتر کردووە''پسپۆرانی بواری فێربوون خەونیان بە دۆزینەوەی شێوازێکی فێربوونی خێراترو تێچووی کەمترو ماندووبونی کەمتر کردەوە بۆ ئەوەی جیهان لە نەخوێندەواری ڕزگاربکەن، ئەوە بوو لە ڕێگەی ئامێرە زیرەکەکانەوە پێیگەشتن''(عقيلان، ٢٠٢٠، ٣٦)
* بواری پیشەسازی: لە بواری پیشەسازیدا بە هەموو جۆرەکانییەوە، زیرەکی دەستکرد توانیویەتی ڕۆڵێکی گرنگی هەبێ، لە زیادکردن و باشترکردنی بەرهەمهێنان، کەمکردنەوەی هەڵەی مرۆیی، هەروەها بەکارهێنانی ڕۆبۆتەکان لە کارگەکاندا. جگە لەوەش لە زۆر بواری تردا وەك بواری:سەربازی و شۆفێری و ئابوری و........هتد بەکاردێت.
* لە بواری ئەدەبدا: زیرەکی دەستکرد وەك ئامرازێکی نوێ دەتوانێت یارمەتی گەشەپێدانی ئەدەب بدات و بیرۆکەی نوێ پێشکەشی نوسەر بکات، بۆ بەرهەمهێنانی چیرۆك و ڕۆمان یاخود هەر بابەتێکی تر بەم ڕێگایانە:
١- وەرگرتنی بیرۆکە: ئەم تەکنەلۆژیایە دەتوانێت هۆنراوەو چیرۆك و ڕۆمان بنوسێت، کە ئەمەش یارمەتی نوسەران دەدات بۆ وەرگرتنی بیرۆکەی نوێ و گەشەپێدانی نوسینەکانیان ''توانای دروستکردنی دەقی نوێی بە شێوازو فۆرمی جیاواز هەیە،چ شیعر، چیرۆك یان ڕۆمان....هتد بێت، بەم شێوەیە ئامێرەکە لە ئامرازێکی تەنها بۆ ڕاستکردنەوە یان وەرگێڕان دەگۆڕێت بۆ هاوبەشێکی ڕاستەقینە لە پرۆسەی داهێناندا''(حلو، ٢٠٢٥، ٥٠٥)
٢-پاراستنی میراتی ئەدەبی: زیرەکی دەستکرد دەتوانێت بە شێوەیەکی گرنگ یارمەتی پاراستنی میراتی ئەدەبی بدات بە تایبەت لەو زمان و نەتەوانەی، کە زۆر کتێب و دەقی کۆن بەشێوەی

دجیتاڵی هەڵنەگیراون، چونکە ئەم تەکنەلۆژیایە دەتوانێت دەستنوسە کۆنەکان سکان بکات و بیگۆڕێت بۆ شێوەی دجیتاڵی، ئەمەش لە فەوتان دەیپارێزێت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، هەروەها بەکارهێنانی سیستەمی زیرەکی دەستکرد دەتوانێت هۆنراوە و ڕۆمان و چیرۆك....هتد لە ئەرشیفە دیجیتاڵیەکاندا ڕێکبخات، ئەوکات خوێنەر بە ئاسانی دەتوانێت پێیان بگات، هەروەها لە ڕێگەی بەرنامەو پلاتفۆرمە فێرکارییەکانیەوە، دەتوانێت هەموو ژانرەکانی ئەدەب بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش بگوازێتەوە بۆ نەوەی نوێ، کە ئەمە ڕێگەیەکی زۆر بەسودە بۆ پاراستنی ئەدەبی ڕەسەن و ئاشناکردنی بە نەوەی نوێ. بۆنمونە وەرگرتنی وێنەیەکی ڕاستەقینەی (نالی) شاعیری کورد و گۆڕینی وێنەکەی بۆ ڤیدۆیەك، کە ڕاستەخۆ گفتوگۆت لەگەڵ دەکات و باسی شیعرەکانیت بۆ دەکات، کە ئەمەش بە بەرنامەی تایبەتی (AI) دروستدەکرێن، وادەکان نەوەی نوێ چێژ ببینێت و هەوڵی بەدواداچون بۆ ئەم شاعیرە بدات و خۆی ئاشنای ژیان و بەرهەمەکانی بکات.

٣-وەرگێڕان و گەیاندنی ئەدەب بۆ زمانەکانی تر: ئەم تەکنەلۆژیایە یەکێك لە خزمەتە هەرە بەسودەکانی بابەتی وەرگێڕانە، کە لە هەموو بوارێکدا پێویستە و بەکاردێت، بەتایبەتیش لە ئەدەبدا سودێکی زۆر گەورە بە ئەدەبیات دەگەیەنێت و ئەدەبی نەتەوە بە جیهان دەناسێنێت، هەروەها سودی بۆ نوسەرەکە ئەوەیە لە ڕێگەی وەرگێڕانی بەرهەمەکەیەوە خۆشی دەبێتە نوسەرێکی نێو دەوڵەتی"تەکنیکی وەرگێڕانی زیرەکی دەستکرد بە کوالێتی بەرز و ئاسان دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی ئەدەب بە جیهاندا، ئەمەش بۆ ئەدەبی نەتەوەیمان زۆرگرنگە، هەروەها دەرفەت بۆ نوسەران فراوان دەکات، بۆ گەیشتن بە خوێنەری نێودەوڵەتی و ئاڵوگۆڕی بیرو ئایدیای جۆراوجۆرو کلتور لە نێوان شارستانییەکاندا پەرەپێدەدات"((حلو،٢٠٢٥، ٥٠٧) هەندێك بۆچونیان وایە "ئەوەی وایکردوە زیاتر زیرەکی دەستکرد لە بواری ئەدەب و وەرگێڕانی دەقی ئەدەبیدا بەکاربهێنرێت ئەوەیە، کە مانای دەقەکە لەگەڵ ئارەزووی خوێنەر ڕێکدەخات و تەواو لە هەستەکانی نزیك دەکاتەوە، واتە وەرگێڕانەکەی بە شێوەیەکە، کە لەگەڵ پێویستی خوێنەردا بگونجێت"(تهامی، ٢٦٣،٢٠٢٥)

٤- شرۆڤەو لێکدانەوەی دەقە ئەدەبییەکان: زیرەکی دەستکرد دەتوانێن یارمەتی خوێنەرو توێژەران بدات بۆ شرۆڤەو لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی بە شێوەیەکی وردترو زانستی تر ، شرۆڤەی دەقی ئەدەبی لەلایەن زیرەکی دەستکردەوە بریتییە لە بەکارهێنانی سیستەمە ئەلکترۆنییە زیرەکەکان بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن و شیکردنەوەی ناوەرۆکی دەقی ئەدەبی، ئەویش لە ڕێگەی شیکردنەوەی زمان و وشەکانی دەقەکەوە دەبێت، چونکە هەروەك دەزانین دەقی ئەدەبی پڕە لەواتاو مانای شاراوەو وێنەی هونەری و هێمای ئەدەبی ئاڵۆز، کە تێگەیشتن لێیان ئاسان نییە، بەڵام ئەم تەکنەلۆژیایە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرۆسەی زمانە سروشتییەکان، وشەو ڕستەکان شیدەکاتەوەو مانایان دەستنیشان دەکات. توێژەرێك دەڵێت"زیرەکی دەستکرد دەتوانێت بابەت و تێمای سەرەکی دەقە ئەدەبییەکان دەستنیشان بکات، کە نوسەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێداوە، سیستەمە زیرەکەکان دەتوانن پەی بەو ناوەرۆکە ببەن و ئاماژە بەوە بکەن، کە شاعیر یان نوسەر کام بابەتەی زیاتر لە نوسینەکەیدا بەکارهێناوە، ئەمەش یارمەتی توێژەر دەدات بۆ لێکدانەوەی زانستی دەقی ئەدەبی"( تهامی، ٢٦٢،٢٠٢٥) وەك دەزانین هەر شاعیرێك شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ نوسین. زیرەکی دەستکرد دەتوانێت لە ڕێگەی شیکردنەوەی وشەکان و درێژی ڕستەکان و ئەو تیۆرەی بەکاریهێناوە جیاوازی نێوان شێوازی نوسەران بدۆزێتەوەو هەروەها ئاماژە بە کاریگەری نوسەرێك لەسەرنوسەرێکی تر بدات.

**تەوەری سێیەم : زیرەکی دەستکرد و ڕۆڵی لە ئەدەبدا:**

***ڕۆڵی زیرەکی دەستکرد لە ئەدەبدا:**

وەك دەزانین ئەدەب بە هەموو ژانرەکانییەوە دروستکراوی هۆشی مرۆڤن، مرۆڤ بۆ خستنەڕووی ژیان و ئەو واقیعەی تێیدا دەژی و ئەو ئازارو نارەحەتیانەی توشیبوون، توانی لەڕێگەی هەموو جۆرەکانی ئەدەبەوە دەریببڕێت. واتە ئەدەب بوو بە هۆکاری پاڵنانی ئەوەی لەناخی مرۆڤدا پەنگی خواردبووەوە یاخود هێزی دەربڕینی ئەوەیە، کە دەیبینێت.

ئەدەب ئامرازی گوزارشتکردنە لە خود هاوارێکە بەرانبەر ئازارەکان و ڕوداوەکان بۆ ئەوەی بیرنەچنەوە، واتە مەشقی ویژدانی مرۆڤە، هەر ئەدەبە دەمانخاتەوە ناو ئەو ساتە مێژووییەی، کە خەریکە بیردەچنەوە، یاخود بێدەنگکراون، کە هەر ئەمە وەزیفە تایبەتەکەی ئەدەبە. بۆ ئەوەی تێکستێکی ڕاستەقینە هەبێت ئەبێت یادەوەری نوسەر لەگەڵ ڕووداوەکان ڕاستەقینە بێت، واتە نوسەرێك، کە تراژیدیای ئەنفالی بینیوە تێکستەکەی جیاوازە لەوکەسەی، کە تەنها بە باسکردنێك تراژیدیای ئەنفال بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە .

ئەو سۆز و ئەندێشەیەی لە تێکستی یەکەمدا هەیە زۆر جیاوازە لە سۆزی ناو تێکستی دووەم. کەواتە بینین و ژیان لە بارودۆخێکدا جیاوازی لە ناوەڕۆکی ئەدەبێکدا دروستبکات، ئەی ئایا ئامێرێکی دروستکراوی بێهەست دەبێت تیکستەکەی چەند بێروح و نالەباربێت. لە ڕاستیدا تەکنەلۆژیا و ڕوونتر بڵێین زیرەکی دەستکرد هەڕەشەیە بۆ ئەدەبیاتی ڕاستەقینە، جێگرەوەیەکی بێسۆزە و وا دەکات ڕەگەزەکانی ئەدەب کرچوکاڵ بکاتەوە. بەختیار عەلی سەبارەت بە زیرەکی دەستکرد وەك جێگرەوەی نوسەران دەڵێت''زۆربەی نوسەران ترسی ئەوەیان هەیە، کە زیرەکی دەستکرد بەرهەمەکانیان بەکاربهێنێ، چونکە بەشی زۆری ئەو ماتریاڵەی زیرەکی دەستکرد بەکاریدەهێنێت هەر ئەو ماتریاڵەیە، کە نوسەران بەکاریانهێناوە، هەر لە درێژەی قسەکانیدا نمونەی نوسەرێکی ڕوسی دەهێنێتەوە، کە دەڵێت زیرەکی دەستکرد دەبێت کاروباری ڕۆژانەمان بۆ بکات بۆ ئەوەی ئێمە ڕۆمان و شیعر بنوسین، نەك ئەوە شیعرو تابلۆ بۆ ئێمە بکات و ئێمە خواردن دروستبکەین''(عەلی، ٢٠٢٥)

زیرەکی دەستکرد دۆخێکی وجودی نوێ بۆ مرۆڤ دروستدەکات. مرۆڤ هەمیشە لە ژێر کاریگەری پێشکەوتنی زانستدا بووە، بەڵام هۆشیاری مرۆڤ و بوونی عەقڵ و ژیری وایلێکردووە زاڵببێت بەسەر هەموو ئەو گۆڕانکاریانەدا بەو جۆرەی، کە خۆی دەیەوێت. کاتێك لەگەڵ ئامێرێك گفتوگۆ دەکەی تەنها لە چوارچێوەی پرسیار و وەڵام دەتوانین درێژە بە گفتوگۆکە بدەی، زانستێکی گەورەی وەکو هێزی ئاماژەو هێما و ڕەمزەکان ڕەتدەکاتەوە زیرەکی دەستکرد ناتوانێت ئاماژەی چاو و دەست و پەنجەکان بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی باری دەروونی تێکەڵ بە ڕووداوەکانی نوسینی نوسەرەکە یاخود تابلۆی وێنەکێشەکە تاوتوێبکات.

هەرگیز زیرەکی دەستکرد ناتوانێت جێگەی نوسەری ڕاستەقینە بگرێتەوە، تەنها دەتوانێت لاسایی نوسەرەکە بکاتەوە، ئەو ڕەگەزو ڕەهەندانەی لە نوسیندا هەن، پەی پێبەرێت. ئەو جەستە و غەریزە و نەستی نییە، کە سەرچاوەی زۆربەی تێکستەکانە، شوێنی جوگرافیاو ژینگە،

کە دوو هۆکاری گرنگن، کە ڕەنگ و بۆنی ئەدەب لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕن زیرەکی دەستکرد لێی بێبەشە. هەر لەم بارەیەوە سەلیم ڕەشید دەڵێت'' زیرەکی دەستکرد دەتوانێت ئاسۆی نوێ بۆ داهێنان بکاتەوە، بەڵام تەنها ئامرازێك دەمێنێتەوە، داهێنانی ڕاستەقینە لە مرۆڤەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ماناو ڕوح بە وشەکان دەبەخشن، کە پێکهاتە زمانەوانییە ئاڵۆزەکان تێدەپەڕێنن، کەواتە ئەوەی AI دەیکات لاساییکردنەوەی نەخشەکانە نەك دروستکردنی بیرۆکەی نوێ''(ڕشید، ٢٠٢٦). واتە ئەم تەکنەلۆژیایە تەنها چاوساغێکی شارەزایە و ئەو تەنها دەتوانێت ڕێگە ڕاستەکە بدۆزێتەوە، ئەوەی کە مەبەست دەپێکێت و بەرهەم دەخولقێنێت تەنها نوسەرە.

زیرەکی دەستکرد دەتوانێت تابلۆیەکی ڕەنگداری جوانی سەرنجڕاکێش بکێشێت، بەڵام ناتوانێت ببێتە چاوەکانی دافنشی و ئەو جوانییەی لە مۆنالیزادا پێشکەشی کردین.

لە کۆتاییشدا ئەو تابلۆ و موسیك و نوسینەی زیرەکی دەستکرد پێمان دەبەخشێ لەلایەن ئامێرێکی بێهەستەوەیە، مرۆڤیش بە سروشتی خۆی ناتوانێت کارلێك لەگەڵ شتە بێهەستەکاندا بکات، چونکە جوانییەکەی زۆر کەمترە لەو جوانییەی ،کە مرۆڤی نوسەرو وێنەکێش دەیدەن بە گوێگرو خوێنەر یاخود بینەر.

***ئەدەبی کوردی لە سایەی زیرەکی دەستکرددا:**

ئەدەبی کوردی یەکێکە لە گرنگترین بەشەکانی کەلتوری گەلی کورد، کە لە ماوەی سەدان ساڵە بە ڕەنج و ماندوێتی ئەدیبان و ئەدەبدۆستان، گەشەی کردووە توانیویەتی هەست و بیرو ژیانی گەلی کورد بگوازێتەوە لە سەردەمە جیاوازەکاندا. هەر ئەدەبە وایکردوە مێژوو و زمان و ناسنامەی گەلی کورد لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر پێی ئاشنابن.

لە ڕابردوودا ئەدەب بەشێوەیەکی زارەکی و دواتر بە نوسین پارێزگاری لێکرا، بەڵام لەم سەردەمەدا، بەتایبەت لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەتایبەتی تر زیرەکی دەستکرد کاریگەری لەسەر ئەدەب و زمان و کلتوری کوردی دەبێت، بەڵام ڕاوبۆچونی نوسەران و مامۆستایانی ئەدەب لەسەر ئەم کاریگەرییە جیاوازە، مامۆستایەکی زانکۆ دەڵێت '' لە ئەمڕۆدا زیرەکی دەستکرد ڕۆڵی ئەوتۆی لەسەر ئەدەبی کوردی نییە چونکە خۆی هێشتا لەسەرەتادایە ، بەڵام بۆ داهاتوش ناتوانین بڵێین کاریگەرییەکی زۆر دەبێت یاخود کەم ، بەڵام دەتوانێت کاریگەری هەبێت''(مستەفا، ٢٠٢٦) هەروەها نوسەرێکیش دەڵیت'' مرۆڤ هەمیشە لە ژێر کاریگەری زانست و پێشکەوتنەکاندایە، بەڵام بوونی عەقڵی وایلێدەکات زاڵببێت بەسەر هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی، کە ڕوودەدەن بەو جۆرەی خۆی دەیەوێت، کەواتە ناتوانین بڵێین تەکنەلۆژیا ڕۆڵی نییە لەسەر ئەدەبیاتی کوردی و نوسەران، بەڵام هەرگیز ناتوانێت جێگەی نوسەر بگرێتەوە، چونکە لە نوسینی ئەدەبدا ڕەگەزی زۆر هەیە، کە لەناخی مرۆڤدان، هەرگیز زیرەکی دەستکرد ناتوانێت پێی بگات و پەی پێبەرێت''(علی، ٢٠٢٥) هەر سەبارەت بە کاریگەری ئەم تەکنەلۆژیایە لەسەر ئەدەبی کوردی عەتا رشید مامۆستای زانکۆ دەڵێت''بەڵی بە دڵنیاییەوە کاریگەری دەبێت، بەڵام کاریگەرییەکی خراپ، چونکە ئەو جێگای مرۆڤ دەگرێتەوەو شرۆڤە بۆ ژیان و کارەکانی مرۆڤ دەکات و لە جیاتی مرۆڤ بیردەکاتەوە ، کە ئەمەش دەبێتە دەستەوەستانکردی مرۆڤ بەرانبەر کارەکانی خۆی واتە بێئیشکردن و دەسبەتاڵکردنی مرۆڤ''( رشید، ٢٠٢٦)هەروەها شادان شکور وەك مامۆستایەکی زانکۆ پێی وایە''زیرەکی دەستکرد کاریگەری باش و خراپیشی هەیە، کە یارمەتی نوسەر دەدات وشە و بیرۆکەکان لەماوەیەکی کورتدا بدات بەدەستەوە، بەمەش کاتێکی باش بۆ نوسەر دەگەڕێنێتەوە، ئەتوانین



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بڵێن ئەمە کاریگەرییە باشەکەیەتی ،بەڵام زیرەکی دەستکرد هەست و سۆزی نییە لە نوسینی شیعرێك یان دەقێکی پەخشان بەمەش دەقێکی کرچو کاڵمان پێشکەشدەکات، بێجگە لەوەش هەڵەی رێزمانی و رەنوسی زۆرە ، وادەکات خوێنەر توشی بێزاری و ماندوێتی یاخود تێنەگەیشتن بکات لە خوێندنەوەی دەقەکە، کە بێگومان ئەوە کاریگەرییە خراپەکەیەتی"( شکور، ٢٠٢٦) هەرلەم بارەیەوە نوسەرێکی تر دەڵێت"زیرەکی دەستکرد خاوەنی چەند تێکستێکی ئامادەکراوە، کە هەرگیز ناتوانێت شانبا لە شانی ئەو بەرهەمەی، بەرهەمی فیکرو هزری مرۆڤە. ئەدەب لە ئەنجامی کەڵەکەکردنی کلتور و داب ونەریتی کۆمەڵگا دروست دەبێت، لە ئەنجامی رۆشنبیری سەرخانی کۆمەڵگاوە دروستدەبێت، بەڵام ئامێرێکی دەستکرد چۆن دەتوانێت ئەو بیرکردنەوە قوڵەی هەبێت لەسەر  ژیانی نەتەوەیەك، کەواتە زیرەکی دەستکرد بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت جێگەی ئەدەبی رەسەنی کوردی بگرێتەوە"( عەبدوڵا، ٢٠٢٦)

کەواتە لەم وتانەوە رون دەبێتەوە، کە ئەدەبی رەسەنی کوردی، ئەدەبێکە بە چەند قۆناغێکی مێژویدا رۆیشتوە، هەموو بارودۆخێکی ئەو قۆناغە کاریتێکردووەو پاشان گەشەی کردوەو چەندەها شاعیرو نوسەری کورد بە دڵسۆزی و خەمخۆرییەوە ئەم ئەدەبەیان لەسەر پێی خۆی راگرتووە و هەریەکەیان لای خۆیەوە هەوڵیداوە ئەم ئەدەبیاتە بگەیەنێتە لوتکەو شانبەشانی ئەدەبیاتی جیهان پێشبکەویت. هەرگیز ئامێرێکی کۆنترۆڵکراو توانای ئەوەی نییە دەستی لە پێشخستی ئەدەبی رەسەندا هەبێت یاخود بتوانێت جێی بگرێتەوە.

***بەراوردێك دەربارەی شیعری (نەورۆز) لە نێوان زیرەکی دەستکرد و مرۆڤی شاعیر(پیرەمێرد).**

هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان پێکردوە زیرەکی دەستکرد توانیویەتی کاریگەری لەسەر ئەدەب هەبێت. هەربۆیە گرنگە بەراوردێك بکەین لە نێوان بەرهەمی ئەدەبی، کە بەهۆی زیرەکی دەستکردەوە بەرهەمهێنراوە لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبی رەسەن، کە مرۆڤ دایدەهێنێت.شیعری ( ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزهاتەوە) وەك لای هەموان ئاشکرایە، شیعرێکی بەپێزی ئەدەبی کوردییەو ( پیرەمێرد) شاعیری ناوداری کورد نوسیویەتی، دەخەینەبەر ئەم بەراوردکارییە.

| *لە زیرەکی دەستکردەوە: | شیعرەکەی (پیرەمێرد) |
| --- | --- |
| ئەمرۆژی سالی تازەیە ، نەورۆز هاتەوە | ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە |
| بە بۆنی گوڵ و شادی ، دڵمان خەنەوە بەهاتەوە | جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و |
| بادەڵێت سەرودی نوێ لەناو ئەم جیهانە تاکو پار | چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێپەست بوو |
| شین بوەوە رووی زەوی بە هاتنی بەهارانە نەوبەهار | هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی |
| ئاگر لە شەودا دەسوتێ بە گەرمییەکی پیرۆز کورد | ئەو رەنگە سورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی |
| رووناك دەکات رێگاکان بۆ سبەیەکی دڵسۆز | مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوورو نزیك ئەبرد |
| نەورۆز، ئەی هیوای دل، ئەی ژیانەوەی نوێ جەرگەوە | نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە |

لەگەڵ تۆ خەندە دەکات هەموو دڵی پڕ سۆزەی لاوان بە عەشق ئەچوون بە بەرەو پیری مەرگەوە

ئەمڕۆ ساڵی تازەیە، شادمانی هەموان ئەوا ڕۆژ هەڵات، لەبەندەنی بەرزی وڵاتەوە

پیرۆزبێت نەورۆزەکە، بۆ هەموو کوردستان خوێنی شەهید ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە

لە ڕووی بابەت و ناوەرۆکەوە جیاوازی نێوان ئەم دوو هۆنراوەیە ئاسمان و ڕێسمانە، هۆنراوەی زیرەکی دەستکرد، کە تەنها ڕیزکردنی وشە و ڕستەکانە بێ ئەوەی هەست بەهیچ ناوەڕۆکێکی قوڵی نیشتیمانی و نەتەوەی بکەی ، تەنها ئاراستە کراوە بۆ هەندێ وشەی نزیك لە هۆنراوەکەی پیرەمێرد، بەڵام هۆنراوەکەی پیرەمێرد، پڕیەتی لە ڕووحی نەتەوەی و نیشتمانی و ژیانەوەو ناسنامەی کوردایەتی، سەرباری ئەو مێژوە دووروردرێژەی ئەم هۆنراوەیە هەیەتی، بەڵام هێشتا دەیخوێنیتەوە هەست بە تازەی و جوانیەکەی دەکەیت، ساڵ بە ساڵ نوێ ئەبێتەوە ئەم سرودە بە هۆکاری ناوەرۆکە پڕپێزەکەی کلتوری نەتەوەیمان لێك نزیکدەکاتەوە بیریشمان دەخاتەوە کورد بەهەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانییەوە، لە کاتی هەستی نەتەوایەتیدا هەموو خاوەنی یەك نیشتیمان و یەك زمان و یەك مێژوون. واتە هۆنراوەکە وشە و ڕستەکانی هانی برایەتی و ئاشتی و خۆشەویستی نیشتیمانمان دەکات.

هەروەها لەڕووی وێنەی شیعرییەوە: هۆنراوەکەی زیرەکی دەستکرد هیچ وێنەیەکی شیعری قوڵ و کاریگەری تێدا نییە، چونکە ژیانی ڕاستەقینەی نییە و هەروەها بێبەشە لە هەست و سۆز تەنها لەو داتایانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئینتەرنێتدا بڵاوکراونەتەوە بیرۆکەکانی دەردەبڕێت، ئەو وێنە شعرییەکانی نوێ و هەست بزوێن نین، ناتوانن پەیوەندییەکی چێژبەخش لە نێوان وشەی شیعرەکەی و خوێنەردا دروستبکەن، بەڵام هۆنراوەکەی پیرەمێرد یاخود دەتوانین بڵێین شیعری ڕەسەنی کوردی پڕن لە وێنەی شیعری جوان و ناوازە ، کە خەیاڵی خوێنەر پرش و بلاودەکەنەوە، بۆ ئەوەی وێنەی ڕاستەقینەکەی ناو هزری شاعیر بدۆزنەوەو لەگەڵ ئەو وێنانەدا بگەن بەو مەبەستەی شاعیر دەیەوێت ئەمەش چێژی جوانیناسی ڕاستەقینە بە مرۆڤ دەبەخشن. هەروەها شاعیری مرۆڤ وێنەی جۆربەجۆر دەبینێت، کە لەوانەیە کەسی ئاسای نەیبینێت و درکی پێنەکات ئەمەش مانای شیعرەکانی قوڵترو کاریگەرتر دەبن لە گوێی خوێنەردا.

لە ڕووی تاقیکردنەوەی شیعرییەوە وەك دەزانین تاقیکردنەوەی شیعری ئەو باروزڕوفەیە، کە شاعیری پێدا تێپەڕ دەبێت"بەشێك لە بەشەکانی ئەقڵی شاعیر منالڵدانی شیعرەو لەو منالڵدانەشدا (تۆوی شاعیری) دەژی ، ئەم تۆوەش ،کە سیفاتی کەسی شاعیرەکەی هەڵگرتووە، پێویستی بە تۆوێکی تر هەیە تا پێی بگەیەنێ، ئەم تۆوەشیان ئەو تاقیکردنەوە شیعرییەیە ، کە شاعیر ڕووبە ڕووی دەبێتەوە ، بە لێکدانی ئەو دووتۆوەش (گیانی شیعری ) دەخوڵقێنرێ"( عەلی، ٢٠٠٧، ٣٤) کەواتە تاقیکردنەوەی شیعری پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ دروستبوونی شیعری جوان و ناوازە، کە بتوانێت خەیاڵی خوێنەر بۆ جیهانێکی دوور لەو جیهانەی تێیدا دەژی، ببات، بەڵام زیرەکی دەستکرد چونکە ئامێرێکی بێ رووحە و بە تاقیکردنەوەی شیعریدا تێنەپەڕیوە، ناتوانێت ئەو ئێستاتیکا ناوازەیە لە شیعردا بەرپابکات و سەرنجی خوێنەر بەلای وشەو دەستەواژەکانیدا بەرێت، چونکە ئەو تەنها دەیانخوێنێتەوەو دەیانگۆڕێت، هەربۆیە شیعرەکانی

بێ ڕووح و هەڵگری هیچ پەیامێك نین، بە پێچەوانەوە مرۆڤی شاعیر هەستی هەیەو لە ئەزمونی ژیانەوە لە خۆشی و خەم و یادەکانی تەمەنی وشەو ڕستەکان هەڵدەهێنجێنێت.

زمانی شیعری و شیعریەت لە هەردوو شیعرەکەدا چۆنە؟ شیعریەت ئەو سیحرەیە ،کە شیعر دروستدەکات، هەرچەندە شیعر زمانێکی تایبەت بە خۆی نییە، کە شاعیران قسەی پێبکەن واتە بەرهەمیانی پێ بنوسن، بەڵکو یاریکرد بە وشەکان و تێکشکاندنی ڕێسای زمانەکە زمانی شیعر بەرهەم دێت. زمانی شیعر جیاوازە لە زمانی ئاخاوتن ئەبێت لەکاتی خوێندنەوەی شیعر هەست بە مۆسیقا بکرێت و گوێ چێژ لە وشەکان ببینێت. هەر ئەوەشە ،کە خوێنەری شیعر زۆرجار لە کاتی خوێندنەوەی شیعرێکدا دەڵێت شیعرێکی مۆسیقییە، هەست ئەکەن ئەو قسانە تەواو زمانێکی شیعرن، زمانی گواستنەوەی مانای وشەیە لە جوانییەکەوە بۆ جوانییەکیتر.

لە شیعری زیرەکی دەستکردا هەست بە زمانی شیعر ناکەیت ، هەست دەکەیت زمانێکی زۆر ڕێکخرا و ڕوون بەکارهاتووە، چونکە لەسەر بنەمای یاساو داتاکان کاردەکات. هەروەها شیعرەکەی هەڵگری ئەزمونی گشتییە ،کەمتر هەستدەکرێت، کە کەسێك قسەدەکات. هەڵەی ڕێزمانی زۆرە بەجۆرێك لەواتای هەندێك وشە تێناگەیت هەروەك لەم شیعرەدا ئەم وشانە دەبینیت(خەنەوە، سەرود)، چونکە خاوەنێکی ڕاستەقینەی نییە، کە بەتەنگ جوانی و بێ هەڵەی شیعرەکەوە بێت و لە هەوڵی ئەوەدا بێت ڕەخنەگران بە کەمترین ڕەخنە بابەتەکەی هەڵسەنگێنن.

لە شیعری مرۆڤی شاعیردا زمانی شیعر تا ئەوپەڕی جوانی و هەست بزواندن خۆیان دەنوێنن شاعیر هەوڵدەدات زۆربەی وشەکانی خاوەنی واتای تایبەتی بن و پێویست بە ڕاڤە و لێکدانەوەی جیاواز بکات بۆ گەیشتن بە واتای ڕاستەقینەی مەبەستی شاعیر. تێکشکاندنی یاسای زمان بۆ جوانی بەخشین بە شعرەکە یەکێکە لە کارە هەرە باوەکانی شاعیری مرۆڤ بۆ ئەوەی شیعرەکەی لێوان لێو بێت لە ئێستاتیکاو جوانی، هەرئەمەش شیعرەکەی کاریگەرو فرەڕەهەند دەکات، وشەکانی هەڵگری ئەزمونی ژیانن. وێنەی ئاسایی بەشێوەی جوان و سەرنجڕاکێش پیشاندەدات. هیچ کام لە وشەکانی بێکار نین هەریەکەیان هەڵگری پەیامێکە لە ناخی شاعیرەوە بۆ گوێی گوێگرو خوێنەر.بەشێوەیەك خوێنەر تەنها دەق ناخوێنێتەوە بەڵکو وێنەش دەبینێت.

| مرۆڤی شاعیر | زیرەکی دەستکرد |
|---|---|
| وێنەی داهێنەرانە | وێنەی پێشبینیکراو |
| هەست دەگوازێتەوە | هەست باسدەکات |
| زمانی هونەری | زمانی تەکنیکی |
| کەسایەتی هەیە | کەسایەتی دیارنییە |

| ناوەرۆکی قوڵ و کاریگەر | ناوەرۆکی بێکاریگەر |
| --- | --- |
| | |

**ئەنجام:**

١-زیرەکی دەستکرد تەنها ئامرازێکی تەکنەلۆجی نییە، بەڵکو سیستمێکە دەتوانێت لە ڕووی زمان و وێنەسازی و شێوازی دەربڕینەوە بەشداری بکات، بەڵام هێشتا لە ئاستی مرۆڤدا نییە.

٢-لە ڕووی مێژوییەوە، گەشەی زیرەکی دەستکرد بەشێوەیەکی خێرا کاریگەری لەسەر بوارە جیاوازەکان هەیە، بەتایبەتی بواری ئەدەب، کە وایکردوە بەرهەمهێنانی دەقەکان خێراترو فراوانتر بێت.

٣-بنەما و بوارەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد وەك( شیکردنەوەی زمان و دروستکردنی دەق) ڕێگەیان خۆشکردوە بۆ دروستکردنی شیعرو دەق ئەدەبی، بەڵام ئەم بەرهەمانە زۆرجار لە ڕووی قوڵی هەست و ڕەسەنایەتییەوە ئاستیان زۆر نزمە.

٤-کاریگەری زیرەکی دەستکرد لەسەر ئەدەبی کوردی دوو ڕەهەندی هەیە، لەلایەکەوە یارمەتی پاراستن و بڵاوکردنەوەی میراتی ئەدەبی دەدات، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەڕەشەیە لەسەر ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندی دەقی ئەدەبی.

٥-لە بەراوردی نێوان شیعری(نەورۆزی) پیرەمێرد و ئەو شیعرەی زیرەکی دەستکرد دروستیکردوە، دەرکەوت شیعرەکەی پیرەمێرد پڕە لە هەستی نەتەوایەتی و ئەزمونی ژیان، کە ئەمە شتێکە زیرەکی دەستکرد ناتوانێت دروستیبکات.

٦- شیعری مرۆڤی شاعیر (وەك پیرەمێرد) تایبەتمەندییەکی گرنگی هەیە، کە بریتیە لە وێنەسازییەکی قوڵ و هەستێکی ڕاستەقینە، بەڵام شیعری دروستکراوی زیرەکی دەستکرد زۆرجار شێوازێکی میکانیکی و دووبارەیە.

٧- بەگشتی زیرەکی دەستکرد ناتوانێت جێگای مرۆڤ بگرێتەوە لە دروستکردنی ئەدەب، بەڵام دەتوانێت وەك ئامرازێکی یاریدەدەر بەکار بهێنریت بۆ پشتگیری کردنی نوسەر و شاعیر.

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوەی کوردی:**

١-موحەمەد، دڵشاد عەلی ،٢٠٠٧، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢- واحد، ساكار كمال، عمر، تەلار صباح، ٢٠٢٥، ڕۆڵی ژیری دەستکردلە خزمەتکردنی زماندا( زمانی کوردی بەنمونە)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، زانکۆی ڕاپەڕین.

٣-وەرتێ، سەرباز عزیز، چۆنێتی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد(AI) چاتبۆت و هاوشێوەکانی لە پەروەردەدا، زانکۆی جیهان، سلێمانی، بەرواری بڵاوکردنەوە ٢٠٢٤/٢/٢٤، www. edu.kud Sulicihan.، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٦/٢/١٧.

٤- خاڵ، شێخ محمد،٢٠٠٥، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

**چاوپێکەوتنەکان:**

١- رشید، سەلیم، چاوپێکەوتن بە ڕێگەی تەلەفۆن، کاتژمێر١:٢ بەیانی، ٢٠٢٦/٣/١،یەکشەمە، هەولێر.

٢- مستەفا،ئاسۆ عومەر، چاوپێکەوتن بە ڕێگەی تەلەفۆن، کاتژمێر٢:٤٥ ئێوارە، ٢٠٢٦/٣/١٣، هەینی چەمچەماڵ.

٣- ڕشید، عەتا، چاوپێکەوتن بە ڕێگەی تەلەفۆن، کاتژمێر ٣:٠٠ نیوەڕۆ، ٢٥/ ٣/ ٢٠٢٦، چوارشەمە، سلێمانی.

٤- سابیر، شادان شکور، چاوپێکەوتن بە ڕێگەی تەلەفۆن، کاتژمێر ٩:٣٠ شەو، ٢٠٢٦/٣/٣١، سێشەمە، کۆیە.

٥- عەلی، بەختیار، زیرەکی دەستکرد و شارستانییەت و سیاسەتی کوردی،The TV Amargi ڕێکەوتی بڵاوبوونەوە ٣٠/ ١٠/ ٢٠٢٥، رێکەوتی سەردانیکردن٢/٢٨/ ٢٠٢٦.

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**

١-دعاك،زهراء بنت ابراهيم بن يحيى، ٢٠٢٣، قياس العوامل الؤثرة في استخدام تطبيقات الذكاء الاصطناعي لدى معلمي التعليم العام في ضوء النظرية الموحدة لقبول واستخدام التكنلوجيا،المملكة السعودية، وزارة التعليم ، كلية التربية ،قسم تقنيات التعليم.

٢-هتهت، انور سعيد يوسف ، ٢٠٢٠، اثر الذكاء الاصطناعي على جودة صناعة القرار في وزارة الاقتصاد الوطني في المحافظات الجنوبية ، الجامعة الاسلامية بغزة ،كلية الاقتصاد ولعلوم الادارية.

٣-خزيمية، محمد منصور خليل، ٢٠٢٣، المسؤولية المدنية عن اضرار الذكاء الاصطناعية (دراسة مقارنة)،الجامعة العربية الامريكية-جنين، كلية الدراسات العليا.

٤-عقيلان، عبدالباسط محمد، ٢٠٢٠، استخدام اسراتيجية الذكاء الاصطناعي في الادارة عمليات التعلم الذاتي لدى طلبة الدراسات العليا في الجامعات الاردنية، جامعة البلقاء التطبيقية، كلية الدراسات العليا.

٥-حلو،علي هاتف حداوى،٢٠٢٥، مستقبل الادب العربي في ظل الذكاء الاصطناعي، كلية الاداب, جامعة الكوفة.
٦-تهامي، دينا محمد، ٢٠٢٥، الادب الصيني والعربي في عصر الذكاء الاصطناعي،الرواية نموذجا(دراسة مقارنة)، جامعة بنها، كلية الاداب.
٧-بونية ،الان، ١٩٧٨، الذكاء الاصطناعي واقعة ومستقبله، الكويت.
٨-السفياني، عابد جميل، ٢٠٢٤، اجابيات وسلبيات الذكاء الاصطناعي على المنظومة التعليمية، ستاردوم يونيفيرستي ، استنبول.

**سەرچاوە ئنگلیزییەکان:**

1-McCarthy John, 2007, What is Artificial Intelligence, Computer - Science Department ,Stanford University ,American.
2-Stuart Russell, Peter Norving, 2013, Artificial Intelligence A Modern Approach, without name of the University
3-Fangfang Gou ,jun Liu, 2024 ,Research on Artificial-Intelligence-Assisted Medicine :A Survey on Medical Artificial Intelligence, 14 Journal diagnostics.

Sources:
Kurdish Source:
1- Mohammed, Dilshad Ali, 2007, Dylan and Poetic Testing, Sardam Publishing House, Sulaimani.
2- Wahid, Sakar Kamal, Omar, Talar Sabah, 2025, The Role of Artificial Intelligence in Serving Language (Kurdish Language as an Example), Journal of Raperin University, Raperin University.
3- Warte, Sarbaz Aziz, How to Use Artificial Intelligence (AI) Chatbots and Similar in Education, World University, Sulaimani, Publication Date 24/2/2024, www. Sulicihan .edu.kud, accessed 17/2/
4- Khal, Sheikh Mohammed, 2005, Khal Dictionary, 2nd edition, Ministry of Education Printing House.
Interviews:
1- Rashid, Salim, telephone interview, 1:2 am, 1/3/2026, Sunday, Erbil.
2- Mustafa, Aso Omar, telephone interview, 2:45 pm, 13/3/2026, Friday, Chamchamal.
3- Rashid, Ata, telephone interview, 3:00 pm, 25/ 3/ 2026, Wednesday, Sulaimani.
4- Sabir, Shadan Shukur, telephone interview, 9:30 pm, 31/3/2026, Tuesday, Koya.

5- Ali, Bakhtiar, Artificial Intelligence, Kurdish Civilization and Politics, TV The Amargi Published 30/10/2025, Accessed28/2/2

Arabic sources:
1- Daak, Zahra bint Ibrahim bin Yahya, 2023, Measuring the Factors Affecting the Use of Artificial Intelligence Applications among Public School Teachers in Light of the Unified Theory of Technology Acceptance and Use, Kingdom of Saudi Arabia, Ministry of Education, College of Education, Department of Educational Technology.

2- Hatat, Anwar Saeed Yousef, 2020, The Impact of Artificial Intelligence on the Quality of Decision-Making in the Ministry of National Economy in the Southern Governorates, Islamic University of Gaza, Faculty of Economics and Administrative Sciences.

3- Khuzaymiya, Muhammad Mansour Khalil, 2023, Civil Liability for Damages Caused by Artificial Intelligence (A Comparative Study), Arab American University - Jenin, College of Graduate Studies.

4- Aqilan, Abdulbasit Muhammad, 2020, Using Artificial Intelligence Strategies in Managing Self-Learning Processes among Graduate Students in Jordanian Universities, Al-Balqa Applied University, College of Graduate Studies. 5- Helou, Ali Hatif Haddawi, 2025, The Future of Arabic Literature in the Age of Artificial Intelligence, College of Arts, University of Kufa.

6- Tahami, Dina Muhammad, 2025, Chinese and Arabic Literature in the Age of Artificial Intelligence: The Novel as a Model (A Comparative Study), Benha University, Faculty of Arts.

7- Bounia, Alan, 1978, Artificial Intelligence: Its Reality and Future, Kuwait.

8- Al-Sufyani, Abed Jamil, 2024, The Advantages and Disadvantages of Artificial Intelligence on the Educational System, Stardom University, Istanbul.

English sources:





**Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5**
**(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)**

1-McCarthy John, 2007, What is Artificial Intelligence, Computer Science Department ,Stanford University ,American.
2-Stuart Russell, Peter Norving, 2013, Artificial Intelligence A Modern Approach, without name of the University
3-Fangfang Gou ,jun Liu, 2024 ,Research on Artificial-Intelligence-Assisted Medicine :A Survey on Medical Artificial Intelligence, 14 Journal diagnostics.